# سەرۆکی ئینیستوتی کورد یان

# حەمۆمین پێنجوینی بەڕێوەبەری سەقافەی جەماهیری حیزبی بەعس

ڕێباز گورجی

کاك کاروان سەربەنی ڕۆژی 2004/11/22 لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا چەند ووشەیەکی لەسەر هەڵەی ڕێزمانی شیعرێکی حەمۆمین پێنجوینی نوسیوە. منیش وەك کاك کاروان سەربەنی بەڕێز باشم لە بیرە، کە (حەمۆمین پێنجوینی) کۆنە قیادە مەرکەزی و تازە بەعسی دوای بزوتنەوەی شیعری ڕوانگە هەر یەکسەر لە ڕۆژنامەی هاوکاریی‌یەوە بە گۆشەی ڕەش و سپی بە ناوی (ڕەوا)وە، دەرکەوتەوە و لە دوای ئاشبە تاڵیش لە سلێمانی، بوو بە یەکەم بەڕێوەبەری سەقافە جەماهیری حیزبی بەعس، ئەو ناوەندە ناڕۆشنبیری‌یەی کە بۆ تێکدان و فەسادکردنی کچان و کوڕانی کورد و شێواندنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و کلتوری کورد، بەعس دروستی کردبوو. ئەم مامۆستا بەڕێز و شاعیرە شیوعی‌یەی کورد بوو بە یەکەم بەڕێوەبەری ئەم دەزگا سیخوڕی‌یە لە سلێمانی، کە دەزگایەی تایبەتی سیخوڕی بەعس بوو، مامۆستا هەر بەمەوە نەوەستا ئەوەتا کاك کاروان سەربەنی بیرێتی، کە پێنجوینی لە ئەنجومەنی کارتۆنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی حیزبی بەعسیشدا ئەندام بووە.

کاکە کاروان داخ بۆ ئەوە دەخوات پێنجوینی حەیفە سەرۆکی ئینسیتویتی کوردە لە بەرلین و لە شیعرەکانیدا، هەڵەی ڕێزمانی دەکات، من بۆ پاڵپشتی ئەم نەخوێندەواری‌یەی پێنجوینی بەڵگەیەکی ترتان بۆ دەهێنمەوە. ساڵ ساڵی 1979 بوو، لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لە سلێمانی یادی قانعی شاعیر دەکرایەوە، چەند نوسەرێکی تریش بەشدار بوون. حەمۆمین پێنجوینی بە سیفەتی ئەوەی بەڕێوەبەری سەقافەی جەماوەری بوو، ووتارێکی تێدا خوێندەوە لەو ووتارەیدا، ووتی قانعی شاعیر لە ساڵی هەزار و نۆسەد و هەشتسەد و نەوەد و هەشتا( 19898) دا، لە دێی کەولۆس لە بناری شارەزوور لە دایك بووە، هەموو ئامادەبووانی هۆڵەکە دیانە پرمەی پێکەنین. ئەم شاعیرە گەورەیەی سەقافەی جەماهیری حیزبی بەعس، سەرێکی هەڵبڕی و هەستی نەکرد چی‌یە مەسەلە...؟! جارێکی تر ووتیەوە: قانعی شاعیر لە ساڵی هەزار و نۆسەد و هەشتسەد و نەوەد و هەشتا( 19898) دا، لە دێی کەولۆس لە بناری شارەزوور لە دایك بووە. دیسانەوە هارەی پێکەنین بەرزبووەوە، نە جارێك نە دوان نە سیان، ئەم پێنجوینی‌یە پایە بڵندەی سەقافەی جەماهیری حیزبی بەعس، هەمان هەڵەی دووبارە دەکردەوە و لە سەر ووتارە سەقەتەکەی بەردەوام دەبوو، هۆڵەکە بوو بە غەڵبە غەڵب. پاش ئەمیش دکتۆر نافیع عەقراوی چەند شیعرێکی خۆی خوێندەوە، هێشتا ئامادەبووان ئەمیشیان زۆر باش نە ئەناسی، بەڵام ئەیانزانی نوسەرێکی ماستاوچی‌یە، هەر کە ووتی ئەم شیعرانەم هونەرمەند حەمە جەزا کردوونی بە گۆرانی با بفەرموێت بە دەنگە زوڵاڵەکەی بۆتان بچڕێت، ئامادەبووان لە حەمە جەزای هونەرمەندیش کە ئەو کاتە تازە لە سجنی ڕژێم بەر بوو بوو لەبەر چاو کەوت و لێی چوون بە قیندا و بە یەك دەنگ ووتیان نامانەوێت.. نامانەوێت.

ئەو کاتانە جەماوەری ووریـا و خوێنەوارانی ژێری سلێمانی قەڵەمی پاك و پیس و ئازا و ترسنۆکیان لە یەکتری جیا دەکردەوە، نەیان ئەویست شاعیرێکی شۆڕشگێڕی وەك قانعی نەمر، ئەم جاش قەڵەمانە یادیان بکەنەوە.

لێرەدا بۆیە ئەم یادگاری‌یەم بۆ کاك کاروان سەربەنی گێڕایەوە، چونکە زۆری وەك حەمۆمین پێنجوینی لە دوای ڕاپەڕین لە کوردی پارچەکانی تر و نەوەی نویٚ کراون بە پاڵەوان و سیاسەتمەدارانی خۆشمان زۆر جار خەریکە لێیان تێك بچێت جاشێتی زۆر کەسیان لە بیر دەچێتەوە و بە خزمەتی شۆڕشگێڕی بۆی حساب دەکەن، پێنجوینی دەڵێ:

رۆحـی مـن ئـەفـڕی لـەگـەڵ هـەورا
هـەتـا ئـەگـاتـە وڵات
بـەو هـیـوایـەی، لـەنـاو دڵـۆپـە بـارانـێـکـا
بـکـەوێـتـە شـارەکـەمـان و
مـنـاڵان یـاری پـێـبـکـات

بڕوا مەکەن ئەو ووڵاتەی پێنجوینی ئاواتی بۆ دەخوازێت ئەو کوردستانەی ئێستا بێت بەڵکو ئەو ووڵات و شارەیە، کە پێنجوینی‌خۆی بەڕێوەبەڕی سەقافەی جەماهیری بوو تێیدا و حیزبی بەعس حوکمی دەکرد، مولازم موحسین تەراتێنی تێدا دەکرد.

باش بوو ئێمە و مانانیش نەکوژراین یان بەر تۆپی ئێران و عێراق نەکەوتین تا ئەم یادگاریانە نەبەینە گڵەوە و ئەو خۆفرۆشە ڕوو قایمانەی کورد، کە ئەوەندە بێشەرمانە پۆز بە خۆیانەوە لێ نەدەن، ئەوەتا بەعسی‌یەکی وەك عەبدوڵڵا عەباس تا 4/9/ 2003پیاوی سەدام بووە و لە ڕۆژنامی هاوکاری‌یەوە بە شان و باڵی سەدامدا هەڵی دەدا و جنێوی بە کورد دەدا، کەچی بێشەرمانە بیرەوەری خۆی وەك قەڵەمێکی شۆڕشگێڕێکی کورد دەگێڕێتەوە، هەزار ڕەحمەت لە کفن دز.